# جاشنامە

حەسەنی قزلجی

دیارە هەر بوارێکی ژیان ئەدەبی تایبەتی خۆی هەیە ، جوامێری و ئازادی و ڕاپەڕین و شۆڕش و پێشمەرگایەتی و خۆشەویستی و جوانی دروستکەری دەیان و سەدان و هەزاران پارچەی ئەدەبی جۆراو جۆرن ...بەپێچەوانەی ئەوانیش نامەردی و ترسنۆکی و مل کەچ کردن و ناپاکیش خانەی تایبەتی خۆیان هەبووە ..کەدیاردەیەکی نوێ سەرهەڵدەدا ئەدەبێکی نوێیش چاوهەڵدێنێ دیاردەی جاشی و جاشێتی و خۆفرۆشتن و ناپاکی کردن بەرامبەر گەل و نیشتمان، ئەم پارچە ئەدەبییەی هێناوەتە بەرهەم بەپێنووسی ئەدیبێکی کورد کەنەیتوانیوە لەبەردەم ئەو دیاردە ناشیرین و ناقۆڵایەدا بێدەنگ بێ،

---

جاشنامە

پێشەکی : الجاش فی اللغة ـ جاش لە (لوغەتا) ـ بەبەچکەی گوێ درێژ دەگوترێ، گوێ درێژ کەدێز بێ یا بۆز، ڕەش بێ یا سپی، فەرقناکا ،بەبەچکەکەی هەر ئەڵێن جاش . ئەمە جاشی موتڵەق بەڵام ئەگەر دایکی جاشەکە ماین بێ، ووشەی " هێستر "ی بەدواوەدادێ وپێی دەڵێن" جاش هێستر " . بەجاشی یەکساڵە ئەڵین یەکبڕ ،هی دووساڵە دووبڕ، هی سێ ساڵە سێبڕ یا بەربار . لەپاشان دەبێتە کەری تەواوو" لەقەبی حمار" وەردەگرێ ... بەڵام جاشی غەیرە تەبیعی کە لەمەو دوا باسیان ئەکەین لەم "لەقەبە" بێبەشەو هەر بە جاشەتی دەمێنێتەوە . جاش لە باری تەمەنەوەفەرقیان هەیە . هی بچووک پێی ئەڵێن جاشک یا جاشولە، بەهی گەورەتردەگوترێ جاش . پێویستە ئەم فەرقە لەبیر نەچێ، تا هەموویان بەنەبقیزەیەک لێ نەخوڕدرێن .

بیرەوەری ـ گوێ درێژو جاشی(تەبیعی) لە ئەدەبی کوردی دا بەخەراپە باسیان نەکراوە :

(( چوارکەرم هەبوو، بەڕۆژ بەردو لەوچەویان ئەبرد
بەینی بەین اللە منیش مەمنونی ئەم چواربارە
خۆزەڕەی هەرچواریان یەکیان ئەگرت کەیفم دەهات
وەک عەتابەم بۆبڵێن ، مەشغوڵی ئەم نەقارە بووم
(( سەلام ))

(( کەرێکم بوو چ کەر؟ وەک با وباران
کەرێکم بوو چ کەر، بارکێشی دەوران))
((کەرێکم بوو چ کەر؟ چەشنی سەیارە
کەرێکم بووچ کەر؟ وەک شێری مەیدان))
((کەری نۆحی نەبی باپیری ئەوبوو
لەگەڵ گوێدرێژی عیسا خاڵ و خوارزان))
(قانع )

---

جاش لە ئیستلاحدا : مانای جاش لە ئیستلاح دا بەپێی ئەهلی ئیستلاحەکە ئەگۆڕێ ،بۆ نموونە لە شەرع دا بەوکەسە ئەڵێن کەژنێکی تەڵاقکەوتووی بەسێ تەڵاقە لێ مارە ئەکەن، تابتوانن لە پاشان لە مێردەکەی مارە بکەنەوە. ئەم جاشە لەشەرع دا ڕێزی لێ ئەگرنو پێی ئەڵێن : (محلل) . بە حکایەت ئەگێڕنەوە : کابرایەک تەڵاقی خواردبوو، پرسی بەمەلایەک کرد. ئەومەلا یەش چەشنی تەڵاق خواردنی کابرای بۆ مەلایەکی گەورەتر نووسیو داوای فتوای لی کرد. مەلای دوهەم لەوەڵامی مەلای هەوەڵدا نووسی :

" عیلاجی نایە مەگەر بەتەحلیل
جاشێکی دەوێ مل قەوی وەک فیل".

جاش لەئیستلاحی عەسکەری دا : بەو هێزەغەیرە عەسکەرییانە ئەگوترێ کەلەئەفرادی گەلی ژێر دەست و ئیستعمار کراو بۆماوەیەک بە جل و بەرگی خۆیان بەپارە بەکرێ گیراون، چەکیان دراوەتێ و لە دژی نەتەوەکەی خۆیان شەڕیان پێ کراوە. وەکو هێندی لەلەشکری ئینگلیز لە هیندوستانو لە موستەعمەرەکانی دیکە. یا وەکو ئەو زۆڵە کوردانەی لەژێر سەرکردایەتی ئەفسەری ئینگلیزی (لونگ ریگ) دژی شێخ مەحمود شەڕیان ئەکرد. ئەمانە ماوەیەک پێیان ئەگوترا جاش پۆلیس پاشان بوون بە جاشی ڕووت.

جاش لە ئیستلاحی سیاسی دا :

لەگەڵ پەرەگرتنی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکانی موستەعمەرە و بەشخوراوو غەدرلێکراو ئیستعمارکەرەکان و حکومەتە زاڵمەکان بۆ خەڵەتاندنی ئەو میللەتانە، دەستیان کرد بەگرتنی کرێ گرتەی جۆر بەجۆر وەک :نوێنەری مەجلیس، ڕۆژنامەنووس و تەنانەت سازکردنی حیزب و کۆمەڵی بەکرێگیراویش. بەم جۆرە مانای جاشیش فراوانتربوو.

جاش لەمانای سیاسی دا بریتی یە لە : هێندێ ئەفرادی زۆڵ لەگەل و میللەتێک کە بۆقازانجی خۆیان دژی گەل و میللەتەکەیان ئەکەونە کارو دەبنە بارە بەری دوژمن.

بەشی یەکەم

تاقمەکانی جاش:

جاشەکان دەستەو تاقمیان زۆرن. لێرەدا تەنیا باسی ئەم چەند دەستەیە دەکەین :

١- جاشی سادە.
٢- جاشی دەرەبەگ
٣-جاشی شێخ و بەچکە شێخ
٤- جاشی حیزبی

بیرەوەری : ئەوەی لێرەدا باسی دەکرێ تەنیا نموونەیە. قاپی جاشنامەکە دانەخراوە،هەر کەس گازی لێ گیراوە، یا لۆشکی لێدراوەوجاش زیاتر دەناسێ، ئەتوانێ لێی زیاد بکا.

١- جاشی سادە : ئەمانە هەندێ کەسی ساویلکەن ئاگایان لەهیچ نیە و لەبەردەستی دەرەبەگەکاندان و ناچارن بەقسەیان بکەن، وەکوو جاشەکانی خولەزێباری و خەلیفە حمد وهی تر.

(( ئەمانە هێندێ سادەی گێژو وێژن

مطبعی جاشی گەورەی هەرزە بێژن ))

جاشەگەورەکان فیکەیان بۆدەکەن، تەماعیان وەبەردەنێن و پێیان ئەڵێن :

ڕۆڵە وەرە ببە بەجاش - جاشێکی شەش دانگ هەراش

بجۆرەناو ڕەوەوەی عەماش - ئیتر ناڵ و کورتانەلاش

بەرتۆم هەزاران عەلبەجۆ

هەزاران پێ ئاقل وکەمال - بۆخۆیگەیی بەماڵوحاڵ

وەک قایمقام لەچەمچەماڵ مەئیوس مەبە بەجاشی مناڵ

بەرتۆم هەزاران عەلبەجۆ

(( سەلام ))

ئەوانیش هەڵ ئەخەڵەتێن ،بەرباردەبن،پشتیان بۆ کورتان ڕائەگرن ،بەڵام گەلێکیان چاویان ئەکرێتەوە، تێدەگەن، کورتان فرێ ئەدەن و دەبنەوە بە ئینسان.

٢- جاشی دەرەبەگ : ئەمانە کێن ، قانع لە زمانی ئەوانەوە ئەڵێ :

" دڵم زۆر لێ ئەدا ئیمڕۆ، بڕۆم گاجووتێ بڕفێنم - کەسێ بکوژم ، کەرێ بدزم، کەوابوو من لەئاغانم "

ئەوانە ئەم دەرەبەگانەن هەرکەس پارەیان بداتێ ڕاوی بۆ ئەکەن و هەرکەسکاو جۆیان بداتێ باری بۆ ئەکێشن ، ساڵی ١٩٣٢ کەهێزی هەوایی بەریتانی بارزانی بۆمباران ئەکرد کلحی ئاغای ڕێکانی، فارس ئاغای زێباری،وشێخ ڕەشیدی لۆلان جاشی ئینگلیز بوونو پەلاماری بارزانیان ئەدا ، ساڵی ١٩٤٤لە شۆڕشەکەی بارزاندا ئەمانەی خوارەوە جاشی نووریسەعید بوون ویارمەتی حکوومەتی بەغایان ئەدا.

" شێخ ڕەشیدی لۆلان، مەحمودخەلیفە، کلحی ئاغا و مەحمود ئاغای زێباری، ئەسعەد شێنەیی "

ساڵی ١٩٦٣ ئەمانەی خوارەوەو گەلێکی تریش

جاشی عەبدولکەریم قاسم و لەپاشان هی عارفەکان بوون :

محمد کلحی ئاغاو محمدامین ـ ڕێکانی

محی الدین جەنگیزئاغا وعزالدین ـهەرکی

محمد ئاغا ، محمد فارس و عبداللطیف ـزێباری

محسن ئاغا ـ برواری

شێخ جەلال و براکانی ـ بریفکانی

برایم ئاغا ، محمد عەزیزئاغا ـ

عبدالواحد حاجی ملۆ، عبداللەئاغای شرفانی و عەلی ئاغای شمکانی ـ مەزووری

دیۆالی ئاغا و جەعفەر ئاغا و طاهر ئاغاـدوسکی

شیخ ئەحمەدی سورچی و هی دیکەلەم تاقمانە .

٣ـ جاشی شێخ ـ یا شێخی جاش :

ئەوانەی کە بەزەکات و خێرو سەرقەڵەمانەی خەڵک و چاوبەستنی موسڵمانە ساویلکەکان دەوڵەمەند ئەبن ، لەپاشان ئەچنە ڕیزی دەرەبەگەکانەو وردە وردە لەحکومەتیش نزیک ئەبنەوە . هێندێکیان خۆیان بەسەری پیری یا کوڕو کاڵیان بە شلکی دەبنە جاش . ئەمانە تا دەبنەجاش بە مەرحەلەی‌دەرەبەگی دا تێدەپەڕن مومکنە ئیعتیراز بگیرێ کەئەمانە لەعالەمی جاشەتی دا ڕەوەیەکی جیاواز نین و هاوکورتان و هەوساری چاشی دەرەبەگن . لەوەڵامدا ئەڵێین: ڕاستە. لەناو ئەو دوو ڕەوەیەدا ، لەدوو لاوە جهتی موشتەرەک هەیە . یەکیان ئەمەیە کە هەردوولایان خاوەن مڵک بوون، یا ئێستاش بالفعل خاوەن مڵکن. ئەوی دیکەش ئەمەیە کە ئێستا هاو تەویلەو هاو هەوسارن .

بەڵام لەڕاستی دا لەیەکتریش جیاوازن ئەمان ریشیان درێژە، ئەوان ڕیشیان تاشیوەیا کورتە ،ئەمان عەباو عەمامەیان هەیە ، ئەوان لەکورتەک و پانتۆڵ و ڕانک وچۆغەدان.منتهـا ئەوەیە کە ئەمانە ( عموم وخصوص من وجه )یان هەیە . هێندێ شێخ جاش‌نین و هێندێ دەرەبەگ جاشن. لەبەرئەمە کورتان ناچێتە سەرپشتی هەموو شێخ و دەرەبەگێک و هەمووشیان پشتیان بێ کورتان نیە ... ئەمەش بیرەوەری بکەین باشە کەهێندێ لەشێخەکان دەستی سەگەتیشیان هەیە بۆنموونە : خۆیان بەدرۆ بەگەلومیللەت هەڵدەپەسێرن و لای خەڵک خۆیان سیس دەکەن ، کوڕو کاڵیشیان دەکەنە جاش . جا بۆیە لە ئیستلاحی عامیانەدا بەوانە ئەڵێن (کەرسەگ)

٤ـ جاشی حیزبی : بەوانەدەڵێن کەلەپێشدا لە حیزبێک دا بوون و پاشان بە فەردی یا بەکۆمەڵ لەو حیزبە دەرکەوتوون و لەدژی حیزبەکە بۆ قازانجی حکوومەت کەوتونەتە کار وناوی حیزبەکەیان داگیر کردووەو بەو ناوە وەگێرە شێوێنی دەکەن .

فەرقی ئەمانە لەگەڵ جاشەکانی تر ئەوەیە کەئەمان زۆریان ڕوناکبیرن و تەنزیمێکیشیان هەیە . بەناوبانگترینی ئەم جۆرە جاشانە لە نووسینی ڕەسمی دا بە ( مرتزقەی تازە )یا بە ( اخواننا الاکراد ) ناو دەبرێن. ئەمانە زۆر سوڕانەوە نەیانتوانی ببن بەهیچ ،ئەمجار گوتیان لە فۆلکلۆردا هاتووە ( کەر بچێتە بەغا دەبێتە هێستر ) لەبەغا نەیانتوانی ببنە هێستر بەڵام بوون بەجاش . لە تەویلەی میری دا حەوانەوە ، دەستیان کرد بەزەڕین و جووتە هاویشتن جهتی موشتەرەکی ئەمان لەگەڵ جاشی دەرەبەگ ئەوەیە کە تفەنگچیان هەیە و بەپارە کورد دەکوژن .....

مومکینە کەسێک بپرسێ ڕووناکبیر چون دەبنە جاش ؟ لەوەڵام دا ئەڵێین :" مثلهم‌کمثل الحمار یحمل اسفارا ) .

بەشی دووەم:

لەبەشی کەربازاڕی دا ، هێندێ قسەی‌نەستەق و پەندی پێشینان و نەقڵ و حکایەت‌لە بارەی کەرو کەربازاری .

١ـ کەرێکم دا بەکەرێ ،سندان لەبنا گوێی‌دەرێ .

٢ـ هەردووکیان جاشی کەرێکن .

٣ـ کەر بەدەنکێ جۆ ئەزەڕێ .

٤ـ کەری ناو جۆگەلە لەهەردولا دەلەوەڕێ .

ئەگەر ئەوێ نەبوو ؟ دەورو بەری .

٥ـ لەجاشێکیان پرسی : ئەگەر جاشەوان فەوتا چ دەکەی ؟ زەڕاندی گوتی: تا خوا پشتێ بدا کورتانیش ئەدا .